کاتی هەڵبژاردنی سەرکایەتی کۆماری ئێران دیاری کرا

محەمەد موخبیر جێگری یەکەمی سەرۆك کۆماری ئێران، کە لە شوێنی ئیبراهیم رەئیسی سەرۆك کۆماری کۆچکردووی ئێران بە سەرکی کاتیی وڵاتەکە دەستنیشان کرا، 28ی حوزەیرانی وەك ڕۆژی هەڵبژاردنی سەرکایەتی کۆمار دیاری کرد.

ئاژانسی فەڵەمی هەواڵی ئێران IRNA باویکردەوە کە محەمەد موخبیر سەرۆك کۆماری کاتیی ئێران، لەگەڵ محەمەد باقر قالیباف سەرکی پەرلەمان و غوڵام حسێن موحسین سەرکی دەسەڵاتی دادوەری، کبووەوە بە دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنی سەرکایەتی کۆمار.
لە دوای کبوونەوەکە، لە ڕاگەیاندراوکدا ئاماژە بەوە کرا کە هەڵبژاردنی سەرکایەتی کۆمار لە 28ی حوزەیراندا ئەنجام دەدرێت.

ئەو کەسانەی کە خوازیارن خۆیان کاندید بکەن لە هەڵبژاردنەکانی سەرکایەتی کۆماردا، پێویستە لە ڕۆژانی 30ی ئایار بە 3ی حوزەیران داواکاری پێویست پێشکەش بکەن.

هەروەها کارەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە 12ی حوزەیرانەوە بۆ بەرەبەیانی ڕۆژی 12ی حوزەیران بەڵێنوەدەچێت.

ئەنجوومەنی پارێزەرانی دەستووری ئێران، بە پابەندبوون بە دەستوور و لە پاش ڕەزامەندی عەلی خامنەیی ڕێبەری وڵاتەکە، پێستی سەرکایەتی کەماری رادەستی محەمەد موخبیر جێگری یەکەمی سەرۆك کەمار، کرد.

بەپێی دەستووری ئێران، پێویستە ئەو دەستەیەی لە سەرکی پەرلامان و سەرکی دەسەڵاتی دادوەری و جێگری یەکەمی سەرۆك کەمار پێکدەهێندرێت، ڕۆشونی پێویست ئەنجام بدات بە ئامانجی هەڵبژاردنی سەرۆك کەماری نوێ لە ماوەی 50 ڕۆژدا